# کورِینە بازاری مشتە دەمانچە خەریکە گەرم ئەبێتەوە !

ئاسۆ عەبدوللەتیف

ئەگەر خۆپیشاندان وەکو چەمکێکی مەدەنی لە کوردستاندا چەکەرە نەکات ئەوا لە بری ئەم چەمکە بێدەنگی و تۆتالیتاریزم جێگا ئەگرێتەوەو بەدەستی خۆمان خراپترین دۆخ و دۆزەخ دروست ئەکەین، خراپترین رەگەزو سیفەتی بەعسیزم ئەوەبوو کە بەردەوام شەرعیەتی لە قوولآیی حیکایەت و فکرە نەگۆرەکانی ئوممەی عەرەبیەوە وەر ئەگرت و بەم شێوە تابۆی هەموو شتێکیان کردبوو، شەرعیەت لای یەکێتی و پارتیش بە هەمان شێوە سەرچاوەکەی حیکایەتی شاخ و پێشمەرگایەتی و کوردایەتیە بە مانا عاتیفیەکەی نەك عەقلانیەکەی؟! بێئەوەی ئەم حیکایەتە شۆربوبێتەوە بۆ شاروتێکەلآوی بکەن بە ماناکانی شار، ئاخر ئەگەر شۆرش بۆ کورد بە عەقلانی بکرێ ئەوا شتێك نیە ناوی کۆڵەپشت و چیرۆکی درۆو خیانەت بێت، ئەم چەمکە بمانەوێت یان نا یەکێتی و پارتی رائەکێشێتە بەرەیەکی مەترسیدار کە پێی ئەوترێت بەرەی فاشیزم و تۆتالیتاریەت و بەرەی چەك و توندوتیژی و ئەسلەحەسازی، ئەم بەرەیەش بێگومان بەرەیەکە مادام لەسەر کەلاکی چیرۆك و فەنتازیاکانی رابردووی کوردو شاخ و شۆرش ئەژی ئەوا بە خێرایی لەگەڵ جەماوەر دائەبرێت و هەست بە ئێش و ئازارەکانیان ناکات و ئەوەی لە دایك ئەبێ دوو چەمك و دنیای تازەیە کەیەکەمیان دیکتاتۆریەت و دووەمیان دیموکراسیەت؟!

کەواتە یان ئەوەتا پەرچەکردارێکی دیکتاتۆریانە ئەخوڵقێ یان خۆپیشاندانێکی دیموکراسیانە بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری و گۆرانکاری لە سیستمی بەرێوەبردن، دیارە بۆ ئەم کۆمەڵگا دواکەوتوانەی ئێمەش کە حیزب و دەسەلآتی سیاسی تا دوا ئاست غەرقی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی نیشتیمانین و بیرکردنەوەیەکی لاوەکی و خێڵەکیانەمان هەیە تەنها رێگەچارەی یەکەم هەڵئەبژێرن، چونکە تاکە پیشەیە کە لە شاخی فێری بوین و شێلاومانە لەگەڵ عەتف و خەیالآتی رابردوماندا‌و ئێستاش مەیلی مومارەسەکردنەوەی ئەکەین، ئەی ئەوە نییە تەنها بە رووبەروو بوونەوەی خوێناوی و گرتن و راوەدونان و زیندانیکردن و تێهەڵدان و مشتە دەمانچەوکوتەکی کوردی دەسەلآت دەخوازێ پێگەکانی خۆیمان پێ قایم بکات و حیکایەت و دارشتنەکانی خۆیشیمان بە زۆر پێ لەبەر بکات! وەك چۆن لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا بۆمان دەرکەوت کە دەسەلآت نایەوێت خۆی بگۆرێت، بەڵکو لە بەرانبەردا خۆی پێناسە ئەبەخشێتە خۆپیشاندانەکان و بە ئاژاوەگێرو تێکدەر وەسفیان ئەکات، بەپێچەوانەوە خۆپیشاندانی کوردی و لە کوردستان و دژی دەسەلآتی کورد ئەوپەری گوزارشتە لەو سیستمە مەشلول و لاوازەی کە ئەوە ماوەی 16 ساڵە

نەیتوانیوە سادەترین گۆڕانکاری لە ژیانی ئەوخەڵکەدا بکات جگە لە گۆڕانکاری لە ژیانی بەرپرسەکان و موجامەلەو پێکەنینی ناو تیڤیەکان، ئێمە دەسەڵاتێکمان هەیە ناتوانین پێناسەی بکەین لە دەرەوەی بیرکردنەوەی حیزبی، بۆیە خۆپیشاندان و نارەزایەتی سەر شەقام لە سادەترین گوتەدا رەفزکردنەوەی دەسەڵاتێکە کە بۆنی فاشیزمی کوردی لیٚ دێت و ناخوازێ رەخنەو نارەزایەتی قبولٚ بکات و توانای قبوڵکردنیشی نیە، بۆیە ئەمە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی مەدەنی تازەی کۆمەڵگای کوردییە و دەکرێت وەکو کولتورێکی نوێ سەیری بکەین بێ ئەوەی تەفسیری تەئامورییانەی بۆ بکەین و وولاتانی دەرودراوسێ تاوانبار بکەین، بۆیە لە دەستنیشانکردنی تاوانبارانداپێویست بە بیرکردنەوە ناکات، ئەوەندەی دەکرێت پەنجە راکێشین بۆ عەقڵیەتێکی خەوتوو کە وائەزانێت بە کۆکردنەوەی سامان کۆمەڵگایەکیش کۆ ئەکاتەوەو بێدەنگیان ئەکات و ئەیانکاتە جیٚ نیازو رازی خۆی.

لێرەدا تاوانبار تەنها کەسێك نییە بەڵکو ئۆردویەك بەرپرسی خۆماڵی کوردی خۆمانن کە لە ئاست بچوکترین گرفتدا بە چۆکدا دێن و تا هەنووکە نەیانتوانیووە وەڵامێکی شایستەیان پیٚ بێت بۆ ئەو خەڵکە خۆپیشاندەرەی ئێستای شارەکانی کوردستان کە تەنها داوای سادەترین ماڤ ژیان ئەکەن وەك ئەوی بەرپرس کە چۆن ژیان ئەگوزەرێنیٚ و ماڵ و منداڵیان لە روفاهیەتدا مەست بوون، ئێمە ئەپرسین دە با خەڵکیش یەك بە سەدی ئەوان بژین نەك سفر بەسەد!! دواجار خۆپیشاندەران دەنگدەرانی دوێنیٚ بون و لە رابردووشدا چەتری شۆرش بون، ئەوە بۆچی تەنها بە رەخنەو نارەزایەتیەك ئەبنە دزو خۆفرۆش و ئاژاوەگێر و بە مشتە دەمانچە توند ئەکرێن لە زیندان، زیندانێك کە بۆنی کولتورێکی بەعسیانەی لیٚ دیٚ!؟